پیرۆزبایی/ کۆمەڵەی منداڵانی کورد / لە نەرویج

## به بۆنەی رۆژی جیهانی ئافرەتان



ە بۆنەی رۆژی جیهانی ئافرەتان، کە رێکەوتی (**٨**) ئاداری هەموو ساڵێکە

جوانترین پیرۆزبایی لە سەرجەم ئافرەتانی کوردستان بە تایبەتی و، ئافرەتانی

جیهان بە گشتی دەکەین .

افرەتانی کوردستان شایەنی ئەوپەڕی رێز و ستایشن .. چونکە بە درێژایی

ژووی پڕ لە شکۆداری و سەروەریی گەلەکەمان .. شان بە شانی براکانیان

لە هەموو بوارەکاندا رۆڵێکی بەرچاویان لە خەبات و تێکۆشاندا هەبووە .. لە

ئەمڕۆشدا ئافرەتانی کوردستان بوونەتە پێشەنگ و نموونەی ئافرەتانی جیهان

.. ئافرەتانی کوردستان پەرلەمانتارن، وەزیرن، سیاسەتمەدارن، هاوسەرن،

دایکن، نووسەرن، چالاکوانن، ئەفسەرن، مامۆستان، پزیشکن، شۆڕشگێرن و

پێشمەرگەن و چەکی سەربەرزی و ئابڕوومەندیان بە دەستەوەیە و، شان بە شانی

**برا** پێشمەرگەکانیان، لە سەنگەرەکانی پێشەوە**دڵ و سنگیان** کردوون بە قەڵغانی

بەرگری **و پاراستن**، لە خاکی پیرۆزی **کوردستان** .. بەڵکو کچە پێشمەرگەکانی

کوردستان بوونەتە نموونەی قارەمانێتی ژنان لە هەموو جیهاندا .. بوونەتە مایەی

رێز **و شانا**زیش بۆ کورد و کوردستان .

ئەی خوشکانی دڵسۆز و تێکۆشەر و قارەمانمان، چەند ستایشتان بکەین هەر کەمە

**دووبارە** .. هەزار جار پیرۆزبێت لێتان رۆژی جیهانی **ئافرەتان**

**رەزاشوان** / سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵانی کورد / لە نەرویج

**نەرویج : (٧ی / ئاداری/ ٢٠١٦)**